به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

# راگەیەندراوی لێژنەی بەدواداچوونی پڕۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

**هاوڵاتیانی خۆشەویستی هەرێمی کوردستان....**

دوای نزیکەی ١١ مانگ لە کارکردنی بێوچان، لێژنەکەمان، لێژنەی بەدواداچوونی پڕۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە پێویستی دەزانێت کە پوختەیەک لە ئەنجام و کاریگەریەکانی ئەم پرۆسەیە لە سەر دۆخی کارگێڕی و ئابووریی هەرێم بخاتە بەر دیدەی هاوڵاتیانی ئازیزی هەرێمی کوردستان.

دیاردەی گەندەڵی لە زۆر بواری کارگێڕی و ئابووری هەرێمدا گەیشتبووە ئاستێک کە، جێگەی نیگەرانیی هەموو لایەک بوو و بە ڕاشکاوی دانی پیانراوە، بەڵام هەنگاوی کرداری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لە ئاستی پێویستدا نەبوو، بۆیە سەرۆکی هەرێم وەک باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکار و لە چوارچێوەی دەسەڵاتە یاساییەکانی، ئاوڕی لەم دیاردە ترسناکە دایەوە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، میکانیزمێکی کرداریی خستەڕوو و لەم چوارچێوەیەشدا لێژنەکەمان وەک لێژنەی بەدواداچوونی پڕۆژەکە بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم لە ڕێکەوتی (٢٠١١/٤/١٩) دامەزرا و دواتریش هەر بە دوو فەرمانی جیا لێژنەکەمان فراوانتر کرا و دوو لێژنەی جێگیر لە هەردوو پارێزگای (سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان) و دهۆک

دامەزران. کــــۆی ئەنـــــدامانی لێـــــژنە ١٨ کەســــــن و لە پســــــپۆڕی جیاجیــای پێویســـت بـــۆ کـــارکردن لەم بـــوارەدا پێـــک هـــاتوون. بـــۆ بـــــەرچاوڕوونیی زیـــــاتری هاولاتیـــــانی خۆشەویســــــت، پیویســــــتە بوترێـــت کـــە لێژنەکـــەمان، لێژنەیـــەکی بـــەدواداچوون وراوێژکـــاری بـــووە، نـــەک جێبـــەجێکار، ئـــەم لیژنەیـــە بـــە هـــۆی ئـــەو بۆشـــاییە دامـــــەزرا کـــــە لـــــە ئـــــەنجامی کــــارا نـــــەبوونی دامودەســــــتگا چاودێرییـــەکان هاتبوویـــە کایـــەوە، بۆیـــە هـــەرچی زووتـــرە دەبێـــت دامودەســـتگا چاودێرییـــەکانی هـــەرێمی کوردســـتان کـــە لـــە نـــاو ئـــەم راپۆرتەشـــدا بـــە جیـــا ئاماژەیـــان پێکـــراوە، کـــارا بکـــرێن تـــاکو پرۆســـــەی چاکســـــازی بکەوێتـــــە ئەســـــتۆی ئـــــەم دامودەســــــتگایانە وەک (دیـــوانی چـــاودێری دارایـــی و دەســـتەی نەزاهـــە و داواکـــاری گشتی)تاکو پرۆسەکە فراوانتر بکرێت و بەردەوامیی هەبێت.

لیژنەکـــەمان بـــۆ ئـــەم قۆناغـــە لـــە ســـەر فـــەرمانی ســـەرۆکی هـــەرێم ســـێ تایبەتمەنـــدیی (اختصاصـــات)ی بـــۆ دیـــاری کـــراوە، کـــە بـــرێتین لە:

<u>یەکـــەم</u>، وەک تیمێکـــی راوێژکـــاری لـــە بـــواری چاکســـازی لـــەگەڵ ســـەرۆکی هـــەرێم کـــاری کـــردووە و لەمبارەشـــەوە لێژنەکـــەمان لـــە ئامـــادەکردنی زۆربـــەی ئـــەو فەرمانـــە هەرێمیانـــەی لـــە بـــواری چاکسازییەوە دەرچوونە، یارمەتیدەری سەرۆکی هەرێم بووە.

<u>دووەم</u>، وەک تیمێکـــــی بـــــەدواداچوون، بـــــەدواداچوونی دۆخـــــی پرۆسەی چاکسازیی لە بوارە جیاجیاکاندا کردووە.

<u>ســـێیەم</u>، وەک تیمێکـــی لێکۆڵینـــەوە، لـــەو کەیســـانەی کۆڵیوەتـــەوە کـــە گومـــانی گەنـــدەڵیان لـــە ســـەر بـــووە و لەلایـــەن ســـەرۆکی هەرێمەوە ئاراستەمان کراوە.

کاری لیژنەکەمان بە چاودێری و پاڵپشتیی نزیکی سەرۆکی هەرێم بەڕێوەچووەو دان بەوەدا دەنێین کە ئەرکێکی هەستیار و قورس بووە و هەوڵمان داوە کە لە میانەی پڕۆسەکە ڕەوشی بازاڕ و گوزەرانی هاوڵاتیان زیانی پێنەگات و لەمپەر بۆ کاری ڕۆژانەی ئەو دامودەستگایانە دروست نەکرێت کە کاری لێکۆڵینەوە لە هەندێ کەیسەکان پەیوەندیی پێیانەوە هەبووە، ئەم چەندەش بە ناچاری دەبووە هۆی لەدەستدانی کات و دواکەوتنی هەندێ ئەنجام، بەڵام وێڕای ئەوەش بە دڵنیاییەوە دەڵێین لەو پێشبڕکێکردنەی لەگەڵ کاتدا، تا ئاستێکی باش توانراوە بەربەست بۆ تەشەنەکردنی زیاتری گەندەڵی لە زۆر بواردا دابنرێت و تەنانەت ئاراستەکەی پێچەوانە بکرێتەوە، لە هەندێ بواریشدا کە پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە هەنگاوی توند وتۆڵ و بنبڕ نراوە و بە گشتی بۆ یەکەمجار لە هەرێم بە کردەوە بناغەیەکی پتەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دانرا. ئەم پرۆسەیە قۆناغی باشی بریوە و بە پێویست زانرا کە لەم کاتەدا ئەم ڕاگەیەندراوە کە پوختەیەکە لە ئەنجامەکانی پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بۆ هاولاتیانی ئازیز بخرێتە ڕوو و پرۆسەکەش بەردەوامە و بێگومان ئەنجام ودەسکەوتی زیاتریش بە پاڵپشتیی هاولاتیان دەستەبەر دەبن . ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی نیشتمانییەو هاوکاریی هەموولایەکی گەرەکە تاکو بنەماکانی دەولەتی دامەزراوەکان و بنبڕکردنی زیاتری گەندەڵی دێتە دی.

ئەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی ئەو کەیس وفەرمانە هەرێمیانەی لە خۆ گرتووە کە لە چوارچێوەی پرۆسەکە کاریان بۆ کراوە:

- لێژنەکەمان ١٧٤ کەیسی بە گومانی هەبوونی گەندەڵی لە ئاستی هەر سێ پارێزگا، لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بە دەست گەیشتووە.
- ١١٠ کەیس بە ئەنجام گەیشتوون و ئەوانی دیکەش کارکردن لەسەریان بەردەوامە.
- لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان داوا کراوە ٥٣ کەس بدرێن بە داواکاری گشتی و ژمارەیەک لەوانە ڕووبەڕووی دادگا بوونەتەوە.
- لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ٩٥ بەرپرسی ئیداری بە کەمتەرخەم دەستنیشانکراون و پێشنیارکراوە رێکاری کارگێڕییان لەهەمبەردا بگیرێتە بەر و زۆرێک لەمانە تا ئێستا رێکارەکان لەسەریان جێبەجێ بووە ڕووبەرووی سزای جۆراوجۆر بوونەتەوە وهەندێکیانیش لادراون.
- ژمارەی فەرمانە هەرێمیەکان سەبارەت بە پرۆسەی چاکسازی، ١٨ فەرمانی سەرۆکایەتی بووە، کە ئەم فەرمانانە بنەمایەکی پتەون بۆ بەردەوامیی پرۆسەکە.
- لێکۆلینەوە لە پرسی گەندەڵی بەردەوامە و جیا لەوکەیسانەی کە بەردەستە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە تێبینی لە سەر کەیسی دیکە هەیە، کە بە رەچاوکردنی

ڕادەی گرنگیـــــــی بابەتـــــــەکانیان ئاراســــــتەی لیژنەکـــــــەمان دەکرێن بۆ لێکۆلینەوە لە ناوەرۆکیان.

کـــاری لیژنەکەمـــان لە چوارچێـــوەی بەرنـــامەی ســـەرۆکی هەرێـــم بـــۆ چاکســـازی لـــە زۆر بـــواری جیاجیـــادا بـــووە، کە لێـــرەدا بە پـــوختی و پـــۆلێنکراوی کـــاری ئەنجامـــدراو لە هەر بوارێکـــدا دەخەینەڕوو:

**بواری دەرمان و تەندروستی**:

ئەم بـــوارە هەســـتیارترینی بوارەکـــان بـــوو و ســـەرۆکی هەرێـــم بەردەوام جەختـــــی لەســـــەر بنبڕکردنـــــی هەر گەنـــــدەڵییەکی ئەم بـــــــوارەی کـــــــــردووە و لیژنەکەشـــــــمان زۆر بە وردی لە بنجـــــوبنەوانی ئەم بـــــوارە و گەنـــــدەڵیەکانی کۆڵیـــــوەتەوە و لە ئەنجامـــدا بە دەیـــان بەڵـــگە دەســـکەوتن کە کـــەموکوریی زۆر لـــەم بوارەدا هەیە کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

**کەموکوریەکان:**

- ڕێژەیەکی زۆری دەرمانی ساختە بۆ ناو هەرێم هێنراوە.
- بوونی دەرمانی ئیکسپایەر دیاردەیەکی بەرچاو بووە.
- دەرمـــانی کـــوالیتی نـــزم بـــە ڕێژەیـــەکی زۆر دەهێنـــرێتە نـــاو کوردستان.
- هەروەهـــــا دەرکەوت کە لە پێنـــــاو بەرژەوەنـــــدیی هەنـــــدێ بازرگـــان بە نرخـــی زۆر بەرز، دەرمـــان و ئـــامێر و پێداویســـتیی پزیشـــکی بـــۆ دامودەســـتگا تەندروســـتیەکانی هەرێـــم دابینکـــراون و بەو هۆیەشەوە سامانی گشتی بە فیڕۆ دراوە.

- وێـــڕای ئەوەیـــش کە هەســـت دەکرێـــت ســـەرلەبەری سیســـتەمی تەندروســـــتی هەرێـــم پێویســـتیی بە خوێنـــدنەوە و داڕشـــتنەوەی نـــوێ هەیە بە جۆرێـــک کە لە ســـتانداردە باوەکـــانی جیهـــانی نزیـــک ببێتەوە.

- وەزارەتـــی تەندروســـتی وفەرمانگـــەکانی ســـەر بـــەم وەزارەتـــە کەمتەرخـــەمی ســـەرەکیی بوونـــە لـــە ســـەرهەلدان وبـــەردەوامیی ئەم دیاردانە.

**ڕێکارەکان:**

**لەم بـــوارەدا دەکـــرێ بە پـــوختی ئامـــاژە بەم ڕێکـــارانە بـــدرێت کە گیراونەتە بەر:**

1. پێـــداچوونەوە بە بـــواری کـــوالێتی کـــۆنترۆڵی دەرمـــان کـــراوە و کەمتەرخەمەکـــان دەستنیشـــان کـــراون و ڕێکـــاری کارگێڕییـــان لەهەمـــبەر گیـــراوەتە بەر و زۆر کەس لەم بوارە دوور خراونەتەوە.
2. ئەوانەی کە بە بەڵـــگە لە هێنـــانی دەرمـــانی ســـاختە تێـــوەگلاون ڕێکـــاری یاســـاییان لەهەمـــبەر گیـــراوەتە بەر و بە گـــوێرەی تاوانەکەیـــان یاســـا چارەنووســـیان دیـــاری دەکات.
3. پێـــداچوونەوە بە ڕەوشـــی گشـــت کۆمپانیاکـــانی هێنـــانی دەرمـــان کـــراوە و ژمـــارەیەک لەمـــانە خـــراونەتە نـــاو لیســـتی ڕەش و ڕێکاری یاساییان لە هەمبەر گیراوەتە بەر.
4. هـــەنگاوی کردەیـــی بـــۆ دامەزرانـــدنی (دەســـتەی هـــەرێم بـــۆ خـــۆراک ودەرمـــان- KFDA) نـــراوە کـــە دەســـتگەیـــەکی نیشـــتمانیی خۆپارێزییـــە بـــۆ ڕێگـــەگرتن لـــە هاتنـــە نـــاوەوەی

دەرمان وخۆراکی خەراپ بۆ ناو هەرێم لە داهاتوودا، ئێستا پرۆژەی سیستەمی ئەم دەستەیە لە بەشی یاسایی ئەنجوومەنی وەزیرانە، بۆ دیراسەکردن و دواتر ناردنی بۆ پەرلەمان.

5. گۆڕانکاریی کارگێڕی لە زۆربەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و نەخۆشخانەکان کراوە بە جۆرێک کە بە رەچاوکردنی رای خەڵکانی پسپۆر خەڵکی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت وخەڵکانی کەمتەرخەمیش لابدرێن.

6. بە هاوکاری سەندیکاکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەرنامەی نەهێشتنی نۆڕینگە (عیادە)ی لاکۆڵانەکان و شوێنە نایاساییەکانی فرۆشتنی داو و دەرمان دەستی پێکردووە و تا ئێستا بە سەدان شوێن لابردراون و پرۆسەکەش بەردەوامە، پێویستە هاوڵاتییانی خۆشەویست لەوە ئاگادار بن کە زۆرینەی هەرە زۆری داو و دەرمانی ساختە لەم شوێنانەوە دەرخواردی هاوڵاتیان دەدرێت و کڕینی دەرمان لەو شوێنانە مەترسیدارە.

7. دوای پێداچوونەوە بە پرۆسەی کڕینی دەرمان و پێداویستیە پزیشکییەکان، تا ئێستا نرخی راستەقینەی زۆر کەلوپەل لە مامەڵەکردندا پێڕەو کراوە و بەم جۆرەش لەم چەند مانگەی ڕابردوودا بە پێی پسوولە فەرمیەکان توانراوە بە ملیۆنەها دۆلار سامانی گشتی لە بەفیڕۆدان بپارێزرێت.

8. ڕێژەیەکی بەرچاوی پارە بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستیە پزیشکیەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە تەرخان کراوە کە بەشێکی بەرچاوی بۆ هەرێمی کوردستانە، بەڵام تا ئێستا وەکو پێویست سوود لەم بەشە وەرنەگیراوە و حکومەتی هەرێم لەم بوارەدا کەمتەرخەم بووە. ئەمسال توانرا بۆ یەکەمجار هەنگاوی کردەیی بنرێت بۆ گەڕاندنەوەی ئەم بەشە کە بڕەکەی بۆ سالی 2012 دەکاتە 276 ملیارد دینار، کە پێداویستیە تەندروستیەکانی هەرێم بەرێژەیەکی زۆر دابین دەکات و گوشار بۆ سەر بودجەی هەرێم دروست ناکرێت.

**ئەو هەنگاوانەی کە ئێستا لەم بوارەدا کاریان لەسەر دەکرێت:**

- حکومەتی هەرێم ژمارەیەکی زۆری ئامێری بۆ کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان دابین کردووە، بەڵام هێشتا توانا پسپۆڕیەکان و ئامێرەکان لەو ئاستەدا نین کە پشکنین بۆ هەموو جۆرەکانی دەرمان بکرێت، بۆ کاراکردنی ئەم بوارە حکومەت دیراسەی چۆنیەتی ئەنجامدانی کۆنتراکتی پێویست لەگەل کۆمپانیا بەناوبانگەکانی ئەوروپی پسپۆڕ لەم بوارەدا دەکات و تا راهاتنی تواناکانی ناوخۆ، ئەم بوارە بەو کۆمپانیانە دەسپێردرێت و بە پێی ستاندارده باوەکان مامەڵە لەگەل جۆری دەرمان دەکرێت، دەبێت دان بەوەدا بنێین کە تا ئێستا

توانا ناوخۆییەکان لە ئاستی بەڕێوەبردنی ئەم بوارە نین.

- ژمارەیەکی یەکجار زۆر کۆمپانیا، کاری هاوردەکردنی دەرمان دەکەن کە، لە راستیدا زۆربەیان کاریان دەلالی و واسیتەیە، وێڕای ئەوەی کە زۆربەیان مەرجەکانی کۆگاکردنی دەرمانیان نیە، کاردەکرێت بواری دەرمان لەو بازرگانییە و دەلالیە دوور بخرێتەوەو دەرمانە پێویستەکان راستەوخۆ لە کۆمپانیا ناسراو و متمانە پێکراوەکان بکڕدرێت و چیتر رێگە نەدرێت بە هۆی دەلالەکانی دەرمان و بەرزکردنەوەی نرخەکان زیان بە بودجەی تەندروستیی هەرێم بگات.
- ژمارەی نەخۆشخانەکانی بواری کەرتی تایبەت لە زۆربووندایە و هەست دەکرێت پزیشکەکان زیاتر بایەخ بەو نەخۆشخانانە دەدەن و نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتیش پشتگوێ دەخرێن، هەروەها بابەتی نرخەکان لەم نەخۆشخانانە جێگەی هەڵوەستەیە، بۆیە کار دەکرێت بۆ دانانی میکانیزمی چاودێری و پێداچوونەوە بە باری ئەم نەخۆشخانانە. بە جۆرێک کە، بەتەواوەتیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی بواری تەندروستیی لێک جیا بکرێتەوە و حکومەت زۆرترین خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەشی هاوڵاتیان بکات و هەنگاو بنێت بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی پێشکەوتووی بیمەی تەندروستی لە هەرێم.

## بواری موساتەحە:

یەکێ لەو بووارانەی کە زۆر جێگەی تێبینیی هاوڵاتیان بووە، گەندەڵیەکانی بواری موساتەحە بووە. موساتەحە کە بەکرێدانی زەوی بۆ پڕۆژە پێویستەکان بووە، لە واتای خۆی بەدەر کرا بوو و جۆرەها مامەڵە بەو زەویانە دەکرا. دوای وردبوونەوەی لیژنەکەمان لە زۆرێک لە گرێبەستەکانی موساتەحە لە هەر سێ پارێزگای هەرێم، دەرکەوت کە ئەم کەموکوریانە لەم بوارە هەیبووە:

**کەموکورتیەکان:**

- زۆربەی موساتەحەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ و بێ زیادکردنی ئاشکرا دراون.
- هەندێکیان تەملیک کراون .
- زۆریان وەک زەویی بەتاڵ بەبێ جێبەجێکردنی پرۆژەکان کڕین و فرۆشتنی پێکراوە .
- هەندێکیان جۆر و ناوەرۆکی پرۆژەکان بەدەر لە رێنماییەکان گۆردراون.

ئەمانەی سەرەوەش هەمووی پێچەوانەی یاسا و رێنماییەکانە، بۆیە ئەم رێکارانەی خوارەوە گیرانە بەر.

**ڕێکارەکان:**

١- سەرۆکی هەرێم بۆ لێپێچینەوە لەم بوارە فەرمانی ژمارە 7ی ساڵی ٢٠١١ی ئاراستەی لایەنە پەیوەندارەکان کرد، لە میانەی جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی ئەم بڕیارە تا ئێستا (397) موساتەحە هەڵوەشێندراونەتەوە . هەروەها(201) موساتەحەی دیکەش لە سەروبەندی هەڵوەشاندنەوەدان.

زەویەکانی ئەو موساتەحانەی لە سەرانسەری هەرێم هەڵوەشێندراونەتەوە کە، زیاتریان لە شوێنە پڕ بەهاکانی ناوشارەکان بووە، بە ڕووبەری هەزارەها دۆنم و بە نرخی سەدان ملیۆن دۆلار دەخەملێندرێت.

2- بۆ ڕێگرتن لە کەموکوڕیەکانی ئەم بوارە، پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی گرێبەستە درێژخایەنەکانی زەوی و زار کراوە و ڕێنمایی نوێی ساڵی ٢٠١١ بۆ ڕێکخستنەوەی بەکرێدانی زەوی واتا موساتەحە دەرچووە و ئێستا بە کردەیی کاریان پێدەکرێت و لەمپەری پتەو بۆ لادان لە ڕێنماییەکان دانراون.

3- ژمارەیەک لەو موساتەحانەی کە تەملیک کراون، ڕێگە لە مامەڵە پێکردنیان گیراوە تاکو لە ڕێگە یاساییەکان دەگەڕێندرێنەوە بۆ سەر موڵکی گشتی.

4- لێکۆڵینەوە لە بواری موساتەحە بەردەوامە و بە هاوکاریی لایەنە پەیوەندارەکان کاری بەردەوام لە ئارادایە بۆ وەرگرتنی ڕێکاری کارگێری و یاسایی بەرامبەر ئەو سەرپێچیانەی کە لەم بوارەدا کراون.

## وەزیفەی گشتی و گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان:

بواری وەزیفی لە هەرێمدا کەموکوڕیی زۆری هەبووە.کە دەکرێ پوختەی کەموکوریەکان بەم جۆرە بخرێنەڕوو:

**کەموکوریەکان:**

- هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی حکومەت لە ڕووی توانا پسپۆری ومرۆڤییەکان و پرۆسەی دامەزراندنی تواناکان، بە پێی پلانێکی شەفاف و زانستیانە نەبووە .

- ڕێژەیەکی یەکجار زۆر خەڵک بەبێ ڕەچاوکردنی پلە وەزیفیە پێویستەکان و پسپۆڕیەکان دامەزراون.
- خەلکێکی زۆر بەدەر لە ڕێنماییەکان بە پلەی جۆراوجۆر خانەنشین کراون.
- دیاردەی کارمەند و موچەخۆری بندیوار زۆر بووە و قورساییەکی زۆری بۆ سەر بودجەی هەرێم دروست کردووە.
- بۆ ماوەیەکی زۆر بەرپرسە یەکە کارگێرییەکان لە پۆستەکانیاندا دەمێننەوە و ئالوگۆڕییان پێناکرێت.

**بۆ چارەسەرییەکان لەمبوارەدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوە نراون و کارکردن لەم بوارە بەردەوامە:**

- گۆڕانکاریی ئیداری لە چەندین پۆستی ئیداری، لە ئاستی وەزارەتەکان و ناوەندی پارێزگاکان و هەندێ قەزا و ناحیەدا کراوە. زۆربەی گۆڕانکارییەکان لەو پۆستانەدا بووە کە پەیوەندیی بە ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەبووە، وەک یەکە کارگێڕییەکان و بواری تەندروستی و پەروەردە و شارەوانییەکان و...هتد، پرۆسەی گۆڕانکاریی زیاتر لەمبوارەدا بەردەوامە و تا ئێستا 98 کەس لەو ئاستە کارگێریانە لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە.
- ئەو کەسانەی کە گومانی گەندەڵییان لەسەرە یان کەمتەرخەمییان نواندووە، وێڕای وەرگرتنی ڕێکارە کارگێڕیەکان لە بەرامبەریان، ڕێگە بە گەڕانەوەیان بۆ کاری وەزیفی نەدراوەتەوە.

- وەک هەنگاوێکی خێرا و وەک یەکەم ئەزموونی حکومەتی هەرێم، ٢٥٠٠٠ پلەی وەزیفی بۆ ساڵی ٢٠١١ راگەیەندران و بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی شەفاف و دادپەروەرانە، بە یەکسانی بوار بۆ گشت هاوڵاتیان رەخسێندرا تا داواکاریی دامەزراندن پێشکەش بکەن و بە پێی خاڵەکانیان لەم بوارە سوودمەند بن. وێڕای ئەوەی لە هەندێ وەزارەت هەندێ کەموکوڕی و لادان بەدیکراوە، بەڵام بە گشتی ئەمەیان ئەزموونێکی سەرکەوتوو بووە، سەرباری ئەم چەندەش، دەبێت حکومەتی هەرێم ئەو راستیە لەبەرچاو بگرێت کە ناتوانێت بە بەردەوامی رێژەی مووچە وەرگرانی زیاد بکات و بودجەی هەرێم بەرگەی دامەزراندنی زیاتر لە کەرتی گشتیدا ناگرێت و پێویستە هەوڵی کاراکردنی سیستەمێکی دامەزراندن لە بواری کەرتی تایبەتدا بدات و بەپێی یاسا مافەکانی دامەزراوان لە کەرتی تایبەتیشدا دەستەبەر بکرێت.
- بۆ پێداچوونەوە و چارەسەرکردنی ئەو سەرپێچیانەی کراون لە بواری بەرزکردنەوەی پلەی وەزیفی و خانەنشینکردن بە پلەی بەرز، لیژنەیەک بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم لە نێوان دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەن وەزیران پێک هێنراوە و تا ئێستا ژمارەیەک لەو سەرپێچیانە هەلوەشێندراونەتەوە پلە نایاساییەکان وەرگیراونەتەوە و کاری لیژنەکە بەردەوامە.
- گرنگترین هەنگاو بۆ ریکخستنی ئەم بوارە هاندان و پاڵپشتیی سەرۆکی هەرێم، بۆ دەرچوونی یاسای (ئەنجوومەنی راژە) بووە کە، لە سەر راسپاردەیان لە مانگی

حوزەیرانی پارساڵ دەرچوو، دەبوایە تا مانگی ئەیلول ئەم ئەنجوومەنە دابمەزرێت، بەڵام تا ئێستا دانەمەزراوە و حکومەتی هەرێم لەم بوارە کەمتەرخەمی نواندووە و دەبێت هەرچی زووترە ئەم ئەنجوومەنە دابمەزرێت، تاکو لە چوارچێوەی ئەم ئەنجوومەنە چاکسازییەکی گشتگیر لە بواری وەزیفەی گشتی ئەنجام بدرێت.

## لە بارەی رۆتین و بیرۆکراتیەت

بواری بوونی رۆتین و بیرۆکراتیەت لە دامودەستگاکانی ئیداریدا، یەکێ لە دیارترین هۆکارەکانی نارەزایی هاولاتیان بووە، ئەم دیاردەیە بە تایبەت لە دامودەستگا خزمەتگوزاریەکاندا( وەک شارەوانییەکان، بەریوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ، رەگەزنامە و پاسپۆرت و پەروەردە و....هتد) بووەتە هۆی بە فیرۆدانی کاتی هاولاتیان و تواناکان و مالی گشتی و هەر ئەم دیاردەیەش بنەما بووە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەکانی دیکەی وەک بەرتیل و واسیتەکاری.

**ئەم رێکارانە بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە گیراوەتە بەر:**

- (رێسای رەفتاری فەرمانبەرانی حکومی) ژمارە 1ی سالی 2011، لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچوو، کە تیایدا ئەرکی فەرمانبەران و دامەزراوەکان بەرامبەر بە هاولاتیان دیاری کراوە و رێوشوێنەکان بۆ رێکارە کارگێریی و یاساییەکان بەرامبەر هەر سەرپێچییەک دانراوە و ئەم رێسایە کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.بۆیە

هاولاتییان لەمەودوا دەتوانن بە پێی ئەو رێوشوێنە یاساییانە، بەرامبەر بە هەر فەرمانبەرێکی کەمتەرخەم داوای وەرگرتنی رێکاری کارگێری بکەن و لە سڕینەوەی ئەم دیاردەیە هاوکار بن.

- کارکراوە بۆ پاڵپشتیی لامەرکەزیی ئیداری کە تیایدا دەسەڵاتەکان بۆ خوارەوە شۆڕ بکرێنەوە و لە ناوەنددا قەتیس نەکرێن و هاولاتیان بە ئاسانی لە نزیکترین ناوەندی ئیداریی شوێنی نیشتەجێبوونیان مامەلەکانیان رایی بکرێن.
- بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی کاراکردنی ئەم ئالیاتانە و بنبڕکردنی دیاردەی رۆتین بەردەوامە.

هەروەها **دەبێت ئەم رێکارەش بگیرێتە بەر:**

- هۆیەکانی گەیاندن وەک پۆستە و ئینتەرنێت بۆ رایی کردنی مامەلەی هاولاتیان کارا بکرێن، تاکو قەلەبالغی زۆر لە دامودەستگاکاندا دروست نەبێت.
- هەر وەزارەتێک هەستێت بە دانانی سەقفێکی زەمەنیی دیاریکراو بۆ جێبەجێ کردنی جۆرەکانی مامەلەی هاولاتیان و ئەم سەقفە رابگەیەندرێت تاکو پێشتر گشت هاولاتیان بزانن چ ماوەیەک بۆ بە ئەنجام گەیشتنی مامەلەکانیان پێویستە.

## دامودەستگا چاودێرییەکان:

لەسەر راسپاردەی سەرۆکی هەرێم هەنگاوی باش نراوە بۆ کاراکردنی دامودەستگا چاودێریەکانی وەک دیوانی چاودێری دارایی و دەستگای داواکاریی گشتی و دەستەی نەزاهە.

- لە بارەی دەستەی نەزاهەوە، یاساکەی بۆ ماوەیەکی زۆر بوو لە پەرلەمان مابوویەوە و بە هاندانی سەرۆکی هەرێم ئەم یاسایە لە مانگی نیسانی ساڵی رابردوو دەرچوو. دامەزراندنی ئەم دەستەیەش بە پێی یاساکە پەیوەندیی بە ئەنجوومەنی دادوەری و پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە و لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی رابردووەوە ئەنجوومەنی دادوەری بانگەوازی بۆ وەرگرتنی داخوازیی بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی نەزاهە راگەیاندووە و تا ئێستا هەنگاوەکانی دیکە لەم بوارەدا ماون و داوا دەکەین لایەنە پەیوەندارەکان هەنگاوەکانیان بۆ دامەزراندنی دەستەی نەزاهە خێراتر بکەن.
- لە بارەی دیوانی چاودێری داراییەوە، لیژنەکەمان لەو بڕوایەدایە ئەم دەستگایە کاری باشی کردووە، بەڵام وەکو پێویست کار بە ئەنجامی کارەکانیان نەکراوە. پشتگوێخرانی هەوڵ و کارەکانی ئەم دەستگایەش تا رادەیەکی زۆر ببووە هۆی ساردبوونەوەی لە کارەکانی. لە پێناو کاراکردنەوەی ئەم دەستگایەش لیژنەکەمان ئەم رێکارانەی خوارەوەی بە پێویست زانیوە:

ا- دوو ئیدارەیی هێشتا بەم دیوانەوە دیارە و پێویستە هەرچی زووترە لە ڕووی کردارییەوە یەک بخرێت.

ب- تا ئێستا ئەنجوومەنی چاودێریی باڵا کە بەرزترین دەسەڵاتی چاودێرییە و دەبوایە لە ناو دیوان هەبوایە دانەمەزراوە و پێویستە لە زووترین کاتدا ئەم ئەنجوومەنە دابمەزرێت.

ج- پێویستە بەڕێوەبەرایەتی وردبینی دارایی سەر بەم دیوانە لە هەر سێ پارێزگا بە زووترین کات دەستبەکاربن.

د- بۆیە داوا دەکەین پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی هەرچی زووترە هەنگاوی پێوست بۆ چارەسەریی ئەم کەموکوڕیانە بنێن.

**لە بارەی کاراکردنی ڕۆڵی دەستگای داواکاری گشتی:**

لەم بارەیەوە لیژنەیەک پێکهێنرا کە نوێنەری گشت لایەنە پەیوەندارەکانی تیادا بوو، لیژنەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە پێویستە دەستگای داواکاری گشتی سەر بە ئەنجوومەنی دادوەری بێت، نەک وەزارەتی داد. هۆیەکەشی ئەوەیە کە داواکاری گشتی نابێت سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکار واتا حکومەت بێت، بەڵکو دەبێت سەربەخۆیی خۆی هەبێت، تاکو بتوانێت بە کاری خۆی هەستێت. دەبێت حکومەتی هەرێم هەرچی زووترە پڕۆژەی پێشنیارکراو بۆ دەستگای داواکاری گشتی پێشکەش بە پەرلەمان بکات تاکو یاساکەی هەموار بکرێت و ئەم دەستگایە بگوازرێتەوە بۆ سەر ئەنجوومەنی دادوەری.

## تەندەر:

پرۆسەی تەندەردانەوە، یەکێ لە ناشەفافترین بوارەکانی کاری دامودەستگاکان بووە و بۆیەش بەردەوام هاوڵاتیان گلەییان لەم بوارە هەبووە.

**کەموکورییەکانی ئەم بوارە:**

- زۆربەی تەندەرە گەورەکان کە بە پڕۆژە ستراتیجییەکان ناسراو بوون، لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لە ڕێگەی دوو فەرمانگەوە دەدران.
- زۆربەی تەندەرەکان ناشەفاف و بەدەر لە ڕێنماییەکان بووە .
- زۆرێک لەو تەندەرانەی جیبەجێ کراون، کەموکوریی کارگێڕی و ئەندازیاریی زۆری تێدا بووە.
- بۆ زۆرێ لە پرۆژەکان وەزارەتە پەیوەندارەکانیش هیچ ئاگاداری چۆنیەتی تەندەرەکان نەبوونە.
- زۆریک لە بەرپرس و کارمەندانی حکومەت خۆیان کۆمپانیای جێبەجێکاریان هەبووە تەندەریان وەرگرتووە.

**بۆ چاکسازی و ڕێکخستنەوەی ئەم بوارە ئەم هەنگاوانە نراون:**

- بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١١ بواری تەندەردانەوەی پڕۆژە ستراتیجیەکان و ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان، لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وەرگیرایەوەو پرۆژەکانی ئەم بوارەش بۆ وەزارەتە پەیوەندارەکان گەڕێندرایەوە.

- بۆ ئەوەی پرۆسەی تەندەردانەوە شەفاف ببێت، سەرۆکی هەرێم بە نووسراوی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە د- ٣٦٨ لە ریکەوتی ٢٠١١/٦/٢٧، فەرمانی دا کە لە هەموو وەزارەت و دامودەستگاکان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان دابمەزرێت و تەندەرەکانیش بەپێی رێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان (ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١١) ئەنجام بدریت. تا ئێستا ئەم فەرمانە لە زۆربەی وەزارەتەکان جێبەجێکراوە و کاریگەریی زۆری هەبووە لە نەهێشتنی کەموکوڕیەکانی ئەم بوارە.

- بە نووسراوی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە د-٤٧٣ لە ریکەوتی ٢٠١١/٨/٢، سەرۆکی هەرێم فەرمانی دەرکرد کە نابێت کارمەندی حکومی خۆی تەندەر وەرگرێتەوە و کۆمپانیای هەبێت، چونکە ئەمە پێچەوانەی یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانە (یاسای ژمارە ١٤ ی ساڵی ١٩٩١). ئێستا لە رووی پراکتیکیەوە ئەم هەنگاوە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن.

- ئێستا تەندەرەکان لە سایتی وەزارەت وپارێزگاکان و هەر وەها لە میدیاکاندا بڵاو دەکرێنەوە، ئەمەشیان هەنگاوێکی کردەیی بوو بۆ گرتنەبەری شەفافیەت لەمبوارەدا.

**بودجە:**

بودجەی هەرێم وەکو پێویست شەفافیەتی پێوە دیار نەبوو، بەداخەوە ئاسەواری دوو ئیدارەیی هێشتا کاریگەریی لە سەر چۆنیەتی دانانی بودجەی هەرێم و جێبەجێکردنی هەبووە.

سەرۆکی هەرێم لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا چەندین راسپاردەی بۆ لایەنە پەیوەندارەکان هەبووە کە بە شەفافی مامەڵە لە گەڵ بودجە بکرێت و بودجە لە خزمەت پێداویستیی وڵات وخەڵکدا بێت. بۆیە لە سالی رابردوودا گۆرانکارییەکی جۆری لە ناوەرۆکی بودجەدا بەدی کرا و ئەم بوارانە خرانە ناو بودجەوە وەک:

- زیاترکردنی پێشینەی هاوسەرگیری .
- زیاترکردنی پێشینەی خانووبەرە .
- زیادکردنی جۆر و گوژمەی قەرزە جۆراوجۆرەکان بۆ هاوڵاتیان( وەک قەرزی کشتوکالی، پیشەسازی، پرۆژەی بچووک بۆ لاوان) .
- بیمەی بێکاری بۆ دەرچووانی زانکۆ دانرا.
- زیادکردنی بڕە مووچەی خانەوادەی شەهیدان.
- زیادکردنی رێژەیەکی بەرچاو بۆ هاوکارییەکانی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی کە نزیکەی 42 هەزار خێزانی کەمدەرامەت لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم لێی سوودمەندن .
- هەروەها لە بودجەی ساڵی رابردوودا گوژمەی ١٤٩ ملیارد دینار بۆ سندوقی نیشتەجێکردن لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و دەستەی وەبەرهێنان تەرخان کرا. و سەرۆکی هەرێم جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئەم مەبلەغە بۆ پاڵپشتی بواری نیشتەجێکردن بۆ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت بێت و بڕیاری بەدواداچوونی بەردەوامی بۆ چۆنیەتی خەرجکردنی پارەی ئەم سەندوقانە داوە.

- ئێستا کار دەکرێت کە لەمەولا بودجە لە سەر بنەمای دوو ئیدارەیی دانەنرێت و پێوەری نیشتمانی و ڕەچاوکردنی ڕێژەی دانیشتووان و تایبەتمەندیی دەڤەرەکان و پێویستی ژێرخان و پرۆژەی بەرهەمهێن بنەما بێت.

**وەبەرهێنان**:

لە سەر راسپاردە و بەدواداچوونی لە نزیکەوەی سەرۆکی هەرێم، لیژنەکەمان لێکۆڵینەوەی وردی لە سەر بواری وەبەرهێنان کرد. کەلێن و کەموکوریی گەورە لەم بوارە هەبووە و بوار بۆ هەندێ کەس رەخسا بوو کە بە شێوەیەکی ناڕەوا لەم بوارە سوودمەند ببن.

**کەمووکوریەکان:**

- بە هۆی ناڕێکی کارەکانی ئەم بوارە و گەندەڵیەوە، وەبەرهێنان لە ڕێرەوی خۆی دەرچوو بوو، لە جیاتی راکێشانی سەرمایەی دەرەکی بۆ ناو هەرێم، هەموو سەرنجی بواری وەبەرهێنان کەوتبووە بواری نیشتەجێکردن ئەویش بە ئاوا کردنی کۆمەڵگاکانی نیشتەجێکردن کە زۆربەیان ڤێلا و خانووی بە نرخی زۆر بەرزیان لەخۆ دەگرت و نە خزمەتیان بۆ ئامانجەکانی بواری وەبەرهێنان هەبوو نە بە بواری نیشتەجێکردن. وەبەرهینان تەنیا لە بواری خانووبەرەدا کورت کرابوویەوە و کەمتر پرۆژەیەکی بواری پیشەسازی و کشتوکاڵی بەدیکراوە، بۆیە ڕێژەی وەبەرهێنانی دەرەکی لە ١٠%

تێــــپەڕی نەکـــــردووە و ئەمەش ئامــــاژەیەکە بە ســـــەرنەکەوتنی هەرێم لە بواری وەبەرهێناندا.

- کـــەموکـــوری لـــە یاســـا و رینمـــایی وەبـــەرهێنان لـــە هـــەرێم هـــەبووە ئەمـــەش بووەتـــە هۆکارێـــک کـــە لـــە ســـایەی ئـــەم کەموکوریانەدا گەندەڵییەکی زۆر ئەنجام بدرێت.
- نـــەبوونی پێکهاتـــە و سیســـتەمێکی پتـــەو لـــە دەســـتەی وەبـــەرهێنانی هـــەرێمی کوردســـتان دۆخـــی وەبـــەرهێنانی بـــەرەو لاوازی بردووە.

**بـــۆ رێکخســـتنەوەی ئەم بـــوارە بە فەرمـــانی ســـەرۆکی هەرێـــم ئەم هەنگاوانە نراون:**

- لە ٢٠١١/٤/١٩ بە فەرمـــانی ســـەرۆکی هەرێـــم بـــۆ مـــاوەی دوو مانـــگ هەمـــوو مۆڵەتەکـــانی ئەم بـــوارە راگیـــران تـــاکو دەرفەت هەبێـــت پێـــداچوونەوە بکرێـــت و لەم مـــاوەیەدا میکـــانیزمی گونجـــاو بـــۆ بـــواری وەبەرهێنـــان خـــرایە ڕوو. دواتـــر ئەم میکـــانیزمە نێـــردرایە ئەنجـــوومەنی وەزیـــران و لە ئەنجامـــدا وەک رێنمـــاییەک لە دەســـتەی بـــاڵای وەبەرهێنـــان دەرچـــوو، کە تیایـــدا هەوڵـــدراوە بە شـــەفافی بـــواری یەکســـان بـــۆ هەر کەســـێک لە بـــواری وەبەرهێناندا بڕەخسێنرێت و کەموکوڕیەکان نەمێنن.

- هەروەهـــا پـــڕۆژەیەک دراوەتە ئەنجـــوومەنی وەزیـــران بـــۆ ئەوەی دوای تـــاوتوێ کردنـــی رەوانەی پەرلەمـــان بکرێـــت بە ئامـــانجی هەمـــوارکردنی یاســـای وەبەرهێنـــانی ژمـــارە ٤ی ســـاڵی ٢٠٠٦، بـــۆ ئەوەی بـــاری وەبەرهێنـــان باشـــتر رێـــک بخرێـــت و کەموکوڕیەکان نەمێنن.

- به فەرمـــــانی ســـــەرۆکی هەرێـــــم لە مـــــاوەی رابـــــردوودا لیژنەکەمـــان لە نـــزیکەوە هاوکـــاریی بەڕێـــوەبەرایەتیە گشـــتیەکانی وەبـــەرهێنان لـــە پارێزگاکـــانی کـــردووە تـــاکو پـــڕۆژە جیاجیاکـــان لە کەمووکـــوڕی بەدوور بگیـــرێن. وێـــڕای ئەمـــانەش لیژنەکەمـــان هەســـت دەکـــات هێشـــتا بـــواری وەبەرهێنـــان کەموکـــوڕیی زۆری تێـدایە و کـاری زیـاتر پێوسـتە بـۆ راکێشـانی سـەرمایەی دەرەکـی و پێشخســـــتنی بـــــواری پیشەســـــازی و کشـــــتوکاڵی، کە بە پێشخســـتنی ئەم بـــوارانە هەڵـــی کـــاری زیـــاتر دەرەخســـێنرێت و ژێرخانی ئابووریی هەرێم بەهێزتر دەبێت.

- لـــە ســـەر فـــەرمانی ســـەرۆکی هـــەرێم لیژنەکـــەمان لێکۆڵینـــەوەی لـــە ســـەر زۆر لـــەو پرۆژانـــەی بـــواری وەبـــەرهێنان ئـــەنجام داوە کـــە گومـــانی کـــەموکوری و گەنـــدەلییان لـــە ســـەر بـــووە و دواتـــر بـــە پێـــی ئـــەنجامی لێکۆلینـــەوەکان رێکـــاری کـــارگێری و یاســـاییان لەبەرامبەر وەرگیراوە و ئەم پرۆسەیەش بەردەوامە.

**بواری نیشتەجێکردن**:

حکـــومەتی هەرێـــم بەرنـــامەی جیاجیـــای بـــۆ پاڵپشـــتیی پرۆســـەی نیشـــــتەجێ کـــــردن راگەیانـــــدووە، بەلام بە هـــــۆی خەراپ جێبەجێکردنـــی بەرنامەکـــان، بە تـــایبەتی لە بـــواری وەبەرهێنـــان، بەرنـــامەکە وەکـــو پێویســـت لە خزمەتـــی کەمـــدەرامەت و هەژارانـــدا نەبـــووە و پڕۆژەکـــان بـــۆ پـــڕۆژەی گرانبەهـــا گـــۆڕدراون و لە توانـــای کڕیـــاری چینـــی مامناوەنـــد وهەژار بەدەر بـــوونە، بـــۆیە رێـــژەی کرێچییەکـــان لە هەرێمـــدا وەک پێویســـت کەم نەبـــۆتەوە. حکـــومەت بەبـــێ بەرامـــبەر زەوی بـــۆ پڕۆژەکـــان دابـــین دەکـــات و بە مەبلەغێکـــیش یـــارمەتیی هەنـــدێک لەو پـــڕۆژانە دەدات، بەلام

بەداخەوە لەلایەن خـــــاوەن پڕۆژەکـــــان بەهـــــای خانووەکـــــان لەڕادەبەدەر بەرز دەکـــــرێنەوە و دەخـــــرێنەوە بـــــازاڕی مـــــامەڵە پێکـــــردنەوە و بەجۆرێـــــک کە هەم بەهـــــای زەوی و هەم خەرجیـــــی دروســـــت کردنـــــی و وێـــــڕای ئەوەش قـــــازانجی زۆر دەخـــــرێتە ســـــەر نرخەکان. حکومەت لە کۆنترۆلی ئەم بوارە کەمتەرخەم بووە.

**لەم بوارەدا ئەم هەنگاوانە نراون:**

- لەســـــەر راســـــپاردەی ســـــەرۆکی هەرێـــــم پێـــــداچوونەوە بـــــۆ رێنماییەکـــــانی بـــــواری نیشـــــتەجێکردن کـــــراوە و فەرمـــــان دراوە کە لە ژێـــــر نـــــاوی پـــــڕۆژەی نیشـــــتەجێ کـــــردن چییتـــــر تەنهـــــا شـــــارە ڤێلاییەکـــــان دروســـــت نەکـــــرێن بەڵکـــــو شـــــوققەو هەمـــــــوو باڵەخـــــانە خزمەتگوزارییەکـــــانی لەگەڵ دابێـــــــت و مـــــۆڵەتی نـــــوێ لە ســـــەری ســـــاڵەوە بە هـــــیچ پڕۆژەیەکـــــی وا نەدرێت کە لەم رێنماییانە بەدەر بێت.
- بە پاڵپشـــــتی بـــــودجەی نیشـــــتەجێکردن لە رێـــــگەی وەزارەتـــــی ئـــــاوەدانکردنەوەوە، ئێســـــتا تەنـــــدەر بـــــۆ ئـــــاوا کردنـــــی ٣٠٠٠ یەکەی نیشـــــتەجێکردن لـــــە ســـــەر بودجـــــەی 2011 لە هەر ســـــێ پارێزگـــــا بـــــۆ کەمـــــدەرامەت و هەژاران بە قەرزی ٢٥ ساڵ کراوە.
- لە بـــــودجەی ســـــاڵی ٢٠١٢ بە پاڵپشـــــتی ســـــەرۆکی هەرێـــــم بەرنـــــامە بـــــۆ ٥٠٠٠ یەکەی نیشـــــتەجێکردن بـــــۆ کەمـــــدەرامەتان دانـــــراوەو لە بـــــودجەی ئەمســـــاڵی وەزارەتـــــی ئـــــاوەدانکردنەوەو ســـــندوقی نیشـــــتەجێبوون گـــــوژمەی پێویســـــتی بـــــۆ دابـــــین دەکرێت.

- کـــــار دەکرێـــــت بـــــۆ دانـــــانی ســـــندوقی نیشـــــتەجێکردن لە وەزارەتـــــی ئـــــاوەدانکردنەوە بە جۆرێـــــک کە پرۆســـــەکە بەردەوامیـــــی هەبێـــــت و گونـــــدەکانیش بە فراوانـــــی بگـــــرێتەوە تـــا پاڵپشـــتی نیشـــتەجێبوون لە گونـــدەکانیش فـــراوان ببێـــت و ســـــنورێک بـــــۆ ڕووتێکردنـــــی لەڕادەبەدەر بـــــۆ شـــــارەکان دابنرێت.

## زەویی کشتوکاڵی:

پەرەپێـــدانی کشـــتوکاڵ لە هەرێـــم تـــا رادەیەکـــی زۆر پشـــتگوێ خـــراوە و ئەم بـــوارە رۆژ بەرۆژ لە پاشەکشـــێدایە و ئەو پـــڕۆژە نوێیـــانەیش کە کـــراون لە ئاســـت پێویســـتیەکانی هەرێـــم و فراوانبـــوونی دانیشـــتوانی نـــیە، وێـــڕای ئەوەش زێـــدەڕۆیی بـــۆ ســـەر زەویە کشـــتوکاڵیەکان هێنـــدەی دیـــکە ئەم بـــوارەی زیانمەنـــد کـــردووە، لە فراوانبـــوونی شـــارەکان و ماستەرپلانەکانیشـــیاندا هیچ رەچاوی پاراستنی زەویی بە پیت نەکراوە.

لەم ســـالانەی رابـــردوودا ســـەرۆکی هەرێـــم راســـپاردەی زۆری بـــۆ پاراســـتنی زەویـــی کشـــتوکاڵی بە حکـــومەت داوە، بەڵام حکـــومەت وەکـــو پێویســـت نەیتوانیـــوە گرنگـــی بەم بـــوارە بـــدات و کەموکوڕیی زۆر هەبووە.

**لە چوارچێـــوەی پـــڕۆژەی چاکســـازیی و بە فەرمـــانی ســـەرۆکی هەرێـــم ئەم هەنگـــاوانە بـــۆ پاراســـتنی زەویـــی کشـــتوکاڵی و پەرەپێدانی ئەم کەرتە نراون:**

- بـــۆ پاراســـتنی زەویـــی کشـــتوکاڵی و راگرتنـــی زێـــدەڕۆییەکان ســـەرۆکی هەرێـــم بڕیـــاری ژمـــارە ٩ی لە ٢٠١١/٥/٨ دەرکـــرد و بـــۆ مـــاوەی ٩٠ رۆژ هەر جـــۆرە کوژانـــدنەوەیەکی زەویـــی

کشتوکاڵی (إگفاء) راگیرا، چونکە مامەڵەیەکی ناتەندروست بە زەویە کشتوکاڵیەکان دەکرا.

- لەم ماوەیەدا واتا لە ماوەی سێ مانگدا لیژنەیەک لە سەرۆکایەتی هەرێم بە ئەندامێتی گشت لایەنە پەیوەندارەکان پێکهێنرا و دوای دیراسەی بابەتەکە رێنمایی نوێ و کاریگەر دارێژران بۆ کار پێکردنیان و ئێستا تا رادەیەک ئەو کەموکوڕی و کەلێنە زیانبەخشانە لابردراون.
- لە سەر فەرمانی سەرۆکی هەرێم پلان دانراوە بۆ پەرەپێدان بە بواری کشتوکاڵی و فراوانکردنی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی دەرەکی و ناوخۆ لەم بوارە. بۆیە لەسەر بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەبەرهێنان لە هەر سێ پارێزگا پێویستە ئەم چەندە رەچاو بکەن و پەرە بە وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵیش بدەن. وێڕای ئەوەی پێویستە خودی وەزارەتی کشتوکاڵ و بەرنامەکانی بایەخی زیاتریان پێبدرێت، چونکە لیژنەکەمان ئەو راستییەی بۆ سەلمێندرا کە ئەم وەزارەتە بیرۆکە و بەرنامەی خۆی هەبووە، بەڵام وەکو پێویست گوێیان بۆ رانەگیراوە و تێبینیەکانیان رەچاو نەکراون.
- وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار زۆرترین زیانی بە زەویە کشتوکاڵیەکان گەیاندووە و ماستەر پلانەکان و پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون بێ لێکدانەوەی پێویست و دیراسەی شارستانی دامەزراون و بە تایبەت کەموکوڕیی

زۆر لە ماستەر پلانەکاندا بەدی دەکرێت و چەندین جار گۆڕانکاری بەو ماستەرپلانانەوە بەدی کراوە بەجۆرێک کە ڕێژەی سەوزایی لە کەمبووندا بووەو ڕێژەی نیشتەجێکردن زیادی کردووە و تەنانەت لە دەستنیشانکردنی ناوچە پیشەسازییەکانیش لایەنی تەندروستی و ژینگە و زەویی کشتوکاڵی ڕەچاو نەکراوە، ئەمەیش وێرای خەرجکردنی ملیۆنەها دۆلار لە بواری نەخشەکێشیدا.

**وەزارەتی شارەوانی لەم بوارەدا کەمتەرخەم بووە و زیانێکی زۆر بە سامانی گشتی گەیەندراوە، بۆیە پێویستە بە وردی ئاوڕ لەم بوارە بدرێتەوە.**

## زێدەڕۆیی لەسەر زەوی میری:

زێدەڕۆییەکی زۆر کراوەتە سەر زەوی میری بەتایبەتی زەوی کشتوکاڵی و شارەوانی و گەشتوگوزاری، لەلایەن کەسانی دەستڕۆیشتوو و تەنانەت هاوڵاتیانیش. بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانێک لەلایەن سەرۆکی هەرێم دەرچووەو تیایدا هاتووە کە ڕووپێوی هەموو ئەو زەویانە بکرێت کە سەرپێچیان کراوەتە سەر لە زەوی کشتوکاڵی و گەشتوگوزار و گرد و پاوان و بەردەلان، کە موڵکایەتیان بۆ میری دەگەڕێتەوەو جەردکردنی هەموو ئەو گرێبەستە کشتوکاڵیانەی کە کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە، لەگەڵ دانانی میکانیزمی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی ئەو زێدەڕۆییانە.

## **قۆرخکاری** (**إحتكار**):

قۆرخکاری لە زۆر بواردا لە هەرێم بەدیکراوە و ئاسەواری دوو ئیدارەییش ئەم دیاردەیەی بەهێز کردووە. سەرۆکی هەرێم لە چوارچێوەی پرۆژەی چاکسازیدا چەند فەرمانێکی دەرکردووە، بەڵام حکومەتی هەرێم کەمتەرخەمیی نواندووەو تا ئێستا ئەم دیاردەیە وەکو پێویست بەگژداچوونەوەی بۆ نەکراوە.

لیژنەکەمان لە میانەی لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی گەندەڵیدا چەندین دیاردەی قۆرخکاریی بۆ ڕوون بووەوە و ڕێکاری پێویستی بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە پێشنیار کردووە و وێڕای ئەمەش سەرۆکی هەرێم دوو هەنگاوی گشتیی کارای بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە ناوە و ئێستا لە سەر لایەنە پەیوەندارەکانە ئالیەتەکان بۆ نەهیشتنی قۆرخکاری کارا بکەن.

- سەرۆکی هەرێم لە ڕێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/٢٨ داوای لە پەرلەمان کرد کە یاسای قەدەغەکردنی قۆرخکاری کە زیاتر لە دوو ساڵە لە پەرلەمان کەوتووە پەسەند بکرێت، بەڵام تا ئێستا نەکراوە، لێرەدا داوا لە پەرلەمان دەکەین کە هەرچی زووتر ئەم یاسایە دەربچوێنێت تا بەربەستی بەهێزی یاسایی لەبەردەم قۆرخکاری دابنرێت.
- لە هەنگاوی دووەمدا سەرۆکی هەرێم بە نووسراوی ژمارە (د – ٣٢١ لە ٢٠١١/٦/١٢) داوای کرد کە ئەنجوومەنی پاراستنی بەکاربەر (مجلس حمایە المستهلک) دابمەزرێت کە دەستەیەکی جێبەجێکاری

گــــرنگە بــۆ چـــاودێریکردنی بــازاڕ و بوارەکـــانی وەک جــۆر و نرخـــی شـــتومەکی جــۆراو جــۆر و خـــۆراک ودەرمـــان و خزمەتگـــــــوزاریی گەیانـــــــدن و ئینتەرنێت...هتــــــد. ئەم ئەنجـــوومەنە لە ســـاڵی ٢٠١٠ یاســـاکەی دەرچـــووە بەڵام تـــا ئێســـــتا دانەمەزراوە، ئەمەش بە کەمتەرخەمـــــی دادەنرێـــــت و دەبێـــت ســــەرۆکایەتی ئەنجـــوومەنی وەزیـــران هەرچـــی زووتـــرە ئەم ئەنجـــوومەنە بە شـــێوەیەکی کـــارا دابمەزرێنێـــت. لـــە بـــواری خۆراکیشـــەوە، ئەم ئەنجـــوومەنە کـــاریگەرترین دامەزراوە دەبێـــت بــۆ چـــاودێریی کـــۆنترۆڵی جـــۆریی خـــۆراک لە هەرێـــم، لە کاتێکـــدا کە ئێســـتا هـــیچ چـــاودێرییەکی ورد و کاریگەر بەسەر بواری خۆراکەوە نیە.

## پاســــەوانی بارەگـــا و بەرپـــــرس و کەســـــایەتیەکان و دیاردەی پاسەوانی وەهمی

کەموکوریەکانی ئەم بوارە ئەمانەن:

- ژمـــــارەیەکی زۆری پاســـــەوان بـــــە پێـــوەرێکی دیـــــاریکراو لە ســـــەر میلاکـــــی وەزارەتەکـــانی پێشـــمەرگە و نـــاوخۆ بـــۆ زۆر بەرپرســـــی حیزبـــــی و حکـــــومی و کەســـــایەتیە کۆمەڵایەتیەکـــان دامەزراون.
- رێـــــژەی زۆری پاســـــەوانەکان قورســـــایی بـــۆ ســــەر بـــودجە دروست کردووە .
- ئـــەم چەنـــدەش بووەتـــە هـــۆی زەقبـــوونی دیـــاردەی چەکـــداری لە زۆر شوێن.

- زۆر لەو پاسەوانانە وەهمین و هەبوونیان نییە و بەرپرسان مووچەکانیان گلدەدەنەوە.

لە چوارچێوەی پرۆژەی چاکسازییدا سەرۆکی هەرێم فەرمانی بۆ پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی بواری پاسەوانەکان دەرکرد، ئەم میکانیزمانەی خوارەوەش کەوتنە بواری جێبەجێکردن:-
١- ئیلغاکردنەوەی پاسەوانی هەموو ئەو بەرپرسانەی کە لە ژیاندا نەماون.
٢- ئیلغاکردنەوەی پاسەوانی هەموو ئەو بەرپرسانەی کە لە بەغدان و مووچەی هەرێم وبەغدا وەردەگرن.
٣- ئیلغاکردنەوەی پاسەوانی هەموو ئەو بەرپرسانەی کە لە دەرەوەی عێراقن.
٤- پاسەوانانی سەرجەم بەرپرس و کەسایەتیەکان و بارەگاکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بەپێی خشتەیەک ڕێک خراوە و کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

**مافی مرۆڤ**:

سەرۆکی هەرێم لە چوارچێوەی بەرنامەی چاکسازییدا، بایەخی بە بواری مافی مرۆڤ داوە. پێشتر وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەرێم هەبووە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە لایەنی پەیوەندار بە چاودێریی مافی مرۆڤ دەبێت سەربەخۆ بێت و سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکار نەبێت، ئەم وەزارەتە نەما. لە ساڵی ٢٠١٠ یاسای دامەزراندنی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ دەرچووە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا سەرۆکی دەستەکە دانەنراوە و دەستەکە کارا

نەکراوە و سەرۆکی هەرێم نیگەرانیی خۆی لە دوا کەوتنی ئەم چەندە راگەیاندووە و بە فەرمانی ژمارە د- 369 لە ڕیکەوتی 2012/6/27، داوای لە لایەنە پەیوەندارەکان کردووە هەرچی زووترە سەرۆکی ئەم دەستەیە دابنرێت و پاڵپشتی کارا بوونی ئەم دەستە سەربەخۆیە بکرێت. وەک زۆر بواری دیکە، خاوی لە جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە بەدیکراوە، بۆیە پێویستە هەرچی زووترم ئەم دەستەیە کارا بکرێت و سەرۆکێکی شیاو و سەربەخۆی بۆ دابنرێت.

## پشتگیری کردنی دەسەڵاتی دادوەری:

یەکێک لە بوارەکانی چاکسازیی سەرۆکی هەرێم هاندانی دەسەڵاتی دادوەری بووە، بۆ کارا بوونی زیاتریان و پاراستنی سەربەخۆییان. یەکێ لەو دیاردانەی کە جێگەی تێبینی بووە بواری دانانی دادوەران بووە کە ئالیەتەکەی گرفتی تێدا هەبووە. بۆ چارەسەری ئەم گرفتە و پاراستنی سەربەخۆیی دادوەران، لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٦/٢٠ بە فەرمانی ژمارە ٧٧ی سەرۆکی هەرێم، بەڕێوەبەری گشتیی پەیمانگای دادوەری دانرا و بەو جۆرە ئەم پەیمانگەیە خرایە کار و ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و لەمەودوا هیچ دادوەرێک بە تەزکییەی حیزبی دانامەزرێت، بەڵکو لە سەر بنەمای نمرە و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی و لێهاتوویی دەبێت.

## نەوت و سووتەمەنی:

بـــــواری نەوت و ســــــووتەمەنی جـــــێگەی رەخـــــنەی زۆر بـــــووەو کوموکورییەکانی بریتی بوونە لە:

- نەبوونی سیستەم و هەیکەلی وەزارەتێکی کارای ئەم بوارە.
- نەبـــــــوونی هەمـــــــــاهەنگی نێـــــــوان ئەم وەزارەتەو لایەنە پەیوەندارەکانی دیکە.
- نـــەبوونی کـــۆنترۆل و چـــاودێری لـــە بابـــەتی هێنـــانی جۆرەکـــانی سووتەمەنی بۆ ناو هەرێم و هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە.
- گرانیـــی نرخـــی گشـــت جۆرەکـــانی ســـووتەمەنی لـــە بـــەراورد لـــە گەل بەشەکانی تری عێراق.
- خـــــەراپی کـــــوالێتیی جۆرەکـــــانی ســـــووتەمەنی لـــــە هـــــەرێمی کوردستان و نەبوونی کۆنترۆلی جۆری لەم بارەیەوە.
- زۆریـــی بەنزینخانـــەکان و نـــەبوونی مەرجـــەکانی ســـەلامەتی لـــە زۆرێک لەم بەنزینخانانە.

بـــۆ چارەســـەر کردنـــی ئـــەم کەمووکوریانـــەش بە فەرمـــانی سەرۆکی هەرێم لێکۆڵینەوە لەمبوارەدا کراوە و بەردەوامە.

**بۆ چارەسەریش تا ئێستا ئەم رێکارانە گیراونەتە بەر:**

- ســـەرۆکی هەرێـــم فەرمـــانی دەرکـــردووە بـــۆ رێکخســـتنەوەی هەرچـــــی زووتـــــری بـــــواری دابینکردنـــــی ســـــووتەمەنی بە شێوەیەکی گونجاو بە پێی بەرژەوەندیی هاوڵاتیان.
- قورخکـــاری لـــە هـــاوردەکردنی بەرهەمـــەکانی ســـووتەمەنی بـــۆ ناو هەرێم نەهێڵدراوە.

- هەروەها بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم لە کابینەی نوێدا وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە رووی سیستەم و هەیکەلیەت کارا دەکرێت.

- وەزارەتی سامانە سروشتیەکان راسپێردراوە کە جیا لە بواری نەوت کار لە بواری کانزاکان و سامانەکانی دیکەیش بکرێت و شەفافانە ئەنجامی کارەکان بۆ هاوڵاتیان بخرێنە ڕوو.

- لە بواری کوالێتی و نرخی سوتەمەنی و هەناردەکردنی نەوت، لە لایەن وەزارەتەکەوە ئالیەتی چاودێریی تۆکمە دارێژراوە کە، بە ئەکتیڤبوونی وەزارەتەکە، ئەم بوارانەش هەنگاوی باش بە خۆیانەوە دەبینن.

## هەوڵێکی تری سەرۆکی هەرێم بۆ زاڵبوون بە سەر کێشە و گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی چاکسازی:

بۆ زاڵبوون بە سەر کەمتەرخەمییەکانی لایەنە پەیوەندارەکان و بەدواداچوونێکی خێراتر بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی، سەرۆکی هەرێم بڕیاری پێکهێنانی دوو لێژنەی جێبەجێکاری هاوبەشی لە نێوان لێژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی و دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران دا، ئەو لێژنانەش بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە ژمارەکانی (3108 لە 2011/12/15) و (3179 لە 2011/12/26) پێکهێنران، سەرەڕای تەمەنی کورتی ئەم لێژنانە، بەڵام توانراوە پێگەیەکی جێبەجێکاری بۆ پرۆسەی چاکسازی دابنرێت.

## هێڵە گشتیەکانی ستراتیژیەتی چاکسازی لە نەورۆزی ئەمساڵدا رادەگەیەندرێت:

لێژنەکەمان بە هاوکاریی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم سەرقاڵی داڕشتنی پڕۆژەی ستراتیژیەتی چاکسازییە، بە جۆرێک کە لەچوارچێوەی ئەم ستراتیژیەدا وێڕای پێشخستن و دەستگرتن بە دەسکەوتەکانی پڕۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێمەوە، رێگری لە بەرەو دواوە گەڕانەوەی پڕۆسەکە و تەشەنەکردنەوەی گەندەڵی و هۆکارەکانی گەندەڵی بکرێت و ئەم ستراتیژیەتە ببێت بە هەوێنی بەرنامەی حکومەت و دامودەستگاکانی دیکەی هەرێم، تاکو سامان و تواناکانی هەرێم بە شێوەیەکی شەفافانە بخرێتە خزمەتی گەل و نیشتمان. ئەم هێڵە گشتیەش بۆ نەورۆزی ئەمساڵ رادەگەیەنرێت و دەخرێتە بەردەم ڕای گشتی بۆ دەوڵەمەندکردنی و دواتر دەدرێتە حکومەت.

**لێژنەی بەدواداچوونی پرۆژەی چاکسازیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**٢٠١٢/٣/١1**